کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
26-2-2007 16:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاوڵاتیانی شاری سلێمانی نیگەرانن لەبی خزمەتیی شارەکەیان ... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

بەدرێژایی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوو سیمای بی خزمەتیی بەشاری سلێمانییەوە دیارە، بەگەواهیی بەرپرسانی حیزبی و حکومی ئەم شارە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بەئەندازەی قەزایەك خزمەتی کراوە، لەدوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکانیش هێندەی تر کەمتەرخەمیی لەخزمەتکردنی شاری سلێمانیدا خۆی زەق کردۆتەوە، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەمساڵدا (2007) هیچ پرۆژەیەکی نوی لەشارەکەدا جێبەجی ناکرێت بەڵکو ئەو بودجەیەشی تەرخانکراوە بۆ سلێمانی تەنیا لەبواری تەواوکردنی پرۆژەکانی ساڵانی ڕابردوو کە هێشتا تەواونەکراون سەرف دەکرێن و بەکاردەبرێن.



هاوڵاتیانیش لەلایەنی خۆیانەوە نیگەرانیی دایگرتوون بەڵکو بەشی هەرە زۆریان تووشی ڕەشبینی بوون وپێیانوایە بەدەستی ئەنقەست سلێمانی بەو شێوەیە پەراوێز خراوە.

هەندی لەهاوڵاتیان بەڕاددەیەك نیگەران کە گەیشتبوونە ڕادەیەك بڵێن جیاوازیی بەغداو سلێمانی لەچیدایە؟ بەڵکو هەردووکیان لەهەموو ڕووەکانەوە وێرانن و جەهەنمن بۆ دانیشتوانەکانی بەڵکو تاکە جیاوازیی ئەوەیە حکومەت لەوی تیرۆریست دەستی گرتووە و لێرەش گەندەڵی و نالێپرسراویی و دزی و ڕۆتین و خەمساردیی کاربەدەستان.

بۆچوونی گشتی هاوڵاتیانی شارەکە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراوو لەئەنجامی سەرقاڵبوونی حیزبی باڵادەست (یەکێتی) بەکێشە ناوخۆییەکانی خۆیەوە پشتگوی خراوە ئەمەش بەپشت بەستن بەچەند داتایەك کە لە مانگی ڕابردوودا ئەنجام دابوو.

لەهەموو توێژەکانی تر زیاتر گەنجان ڕەشبین و نیگەرانن چونکە هەست دەکەن شارەکەیان جێگەیەکی داخراوە و لەڕووی خزمەتگوزارییەوە کەم خزمەت دەکرێت و ئەو پرۆژانەشی تیایدا بەئەنجام دەگەیەنرێت لەئاست پێویستی سلێمانیدا نییە، بەڵکو خزمەتگوزارییەکی جوزئی و زۆر لاوەکییە کە ناتوانی کۆمەك بەپێشخستنی شار بکات لەهەموو لایەنەکانەوە.

هاوڵاتی محەمەد سەلام وتی: لەپارەوە بەشێوەیەکی زۆر سەیرو سەرسورهێنەر شاری سلێمانی ئیهمال کراوە و خزمەتی ناکرێت، ئێستا لەسەر شارێی سالم پردێك دروست کراوە خۆی دەبوو بەچەند مانگێك تەواو بوایە کەچی ئەوە دوو ساڵە ئیشی تیادەکرێت هەتاوەکو ئێستا تەواو نەبووە، بەڵکو هەر ڕۆژەی لەلایەکەوە کۆنکرێتەکەی دەتەقێت و دارو تەختەی دەخەنە ژێر و پینەی دەکەن، یان پار لە قلیاسان سەددێکیان دروست کردبوو بەیەك باران لافاو بردی خەریکبوو نیوەی خەڵکی گوندی کۆسەی چەم ئاو بیانبات و لەناوچن، یان دەیان پرۆژەی تری خزمەتگوزاریی هەیە کە تەواونەکراون یان لەنیوەیدا بەجێهێڵراون و تەواونەکراون و کەسیش نازانی کەی تەواویان دەکەن؟.

هۆگر عەبدولواحید-خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان وتی: لەو هەفتەی ڕابردوودا کۆنگرەیەکی فراوانیان سازدا کەوابزانم پاریزگا سازیدابوو بەناوی کۆنفرانسی گەشەپێدانی سلێمانی، بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە هیچ بەرپرس و کەسێکمان نەدی بێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن یان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی سازبدات و بڵێت کۆنفرانس ئەم بڕیارانەی داوە و لەم ساڵەدا ئەم پرۆژانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەكوی و كویی شار جێبەجی دەكرێن، هیچ هیچمان نەدی دیسان ئەم كۆنفرانسەش وەك هەموو كۆنفرانسەكانی تری كوردستان تەنیا قسەی رووت بوون و لەپارە خەرجكردن بەولاوە هیچی تر نەبوون، دڵنیاشم لەوەی سەد كۆنفرانسی تریش ببەستن هەر قسە دەردەچن، چونكە ئەگەر ئەوان بیانەوی خزمەت بە شارەكەیان بكەن كۆنفرانسی ناوی، ئەمە خەڵك گێل كردن و رابواردنە بەمەشاعیری خەڵك.
تەرزە خالید وتی: جاران لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە دەیانووت سلێمانی نموونەی جوانترین و راقیترین شارە لەعێراق و لەم دەوروبەرەشدا، بڕوابكەن ئێمە قەناعەتمان بەم قسانە كردبوو بەڵام ئێستا كەسەیری شارەكانی تری وڵاتانی تر دەكەین هەر لەروومان نایەت بڵێین ئەمە شارە، من هەر خۆم پار بۆ نەشتەگەریی چاوم چووم بۆ تاران پایتەختی ئێران هەر چوومە شارەكەوە وامدەزانی لە ئەوروپام، ئەو شارە ئەوەندە خۆش و جوان و پاك و خاوێن و دڵگیر بوو حەزم نەدەكرد بێمەوە بۆ سلێمانی، ئەو شارە لەهەموو روویەكەوە پێشكەوتوو بوو، ئەگەر تۆ ئەوی ببینی ئنجا دەزانی ئێرە چەندە دواكەوتووە.
ئەوە هەرباسی نەخۆشخانەو عیادە و دكتۆرەكانیان هەر مەكە لەئەورووپاشدا شتی وانییە، بەداخەوە وەك شارەكەشمان دواكەوتووە دەسەڵاتیش هەر بەدواكەوتوویی دەیهێڵنەوە.
عیماد خەفاف وتی: جاران رژێمی سەددام حسێن دوژمنی سەرەكی سلێمانی و خەڵكەكەی بوو، برۆ سەیری بكە ئەو ئەمنەی لە سلێمانی دروستی كردبوو لەهیچ شارێكی تر دروستی نەكردبوو. ئەم شارە شاری خۆڕاگریی و قوربانیدان و رۆشنبیریی بووە، كامەران موكری گۆڕی پڕ نوور بی ناوینا بوو شاری هەڵمەت و قوربانی، بەڵام ئێستا ئەگەر سەیر بكەیت یەك پرۆژەی خزمەتگوزاریی نابینیت كە شایانی ئەوە بێت بۆ ئایندەی شارەكە بەچاك و گرنگی لەقەڵەمی بدەین، بەڵكو هەندێ بەناو پرۆژە هەن سیمای شارەكەیان گۆڕیوە دیارە گۆڕینێكی زۆر خراپ. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر دڵتەنگم بەوەی بەمجۆرە سلێمانی پەراوێز خراوەو بەهەموو جۆرێك دژایەتی دەكەن لەلایەن هەندی بەرپرس و خەڵكەكەوە كە هەر خەریكی شارچێتی و شتی وان و ئێستا لەم شارەدا شتن.
شێخ عوسمان وتی: خزمەتی چی و شتی چی؟ دوو ساڵە بەردەم ماڵەكانیان هەڵكەندووین بەحیساب بۆمان قیر دەكەن، كەچی هەر لەبیریان چۆتەوە و نایەن بەلایەوە، ژیانمان لە قوڕو چڵپاو و خاك و خۆڵدا نەماوە، كاكە گیان ئەمە حاڵ نییە ئەم میللەتە قوربەسەرەی تیایە، خۆ ئەو میللەتە لەپۆلا دروست نەكراوە وا بەو شێوەیە ناهەقی بەرامبەر دەكرێت و هیچ خزمەتێكی ناكرێت.
خەڵكەكەی نازانی ڕوو لەكوی بكات، دەچی بۆلای پارێزگار دەتنێری بۆ لای فلانە وەزیر، دەچیتە لای فلانە وەزیر دەتنێرێتە لای فیسارە كەس، ئیتر بەو جۆرە واتلێدەكەن بێزار بیت و واز بێنیت. چوار ساڵ عەریزەمان دەهێناو دەبرد تەنیا بۆ قیرتاوی ئەم كۆڵانانە كاتێكیش بۆیان كردین وەك خۆتان ئێستا دەیبینن حاڵەكەمان ئاوایەو ژیانمان لەقوڕدا نەماوە.
ژیان محەمەد عەلی وتی: جا با هەر ئێمە قسە بكەین، ئەگەر بەقسەكردن بووایە ئێستا دەبوو سلێمانی دووسەد ساڵ لەپێش وڵاتە ئەوروپییەكانەوە بوایە، من سیانزە ساڵ لەمەوپێش ئەم شارەم بەجێهێشت و چوومە ئەڵمانیا، ئەمە یەكەمجارە لەوكاتەوە كە بێمەوە هەندی شت كراوە لەچاو ئەوساوە بەڵام ئەوانە وەك پێویست نین و ئەوە نییە كە بڵێی ئەوە بەسەو هەموو شتێكە، لە ئەوروپا بەردەوام خەریكن تا وڵاتەكەیان پێشبكەوێت و زیاتر خۆشی بكەن، بەڵام لێرە كەشتێك دەكەن ئیتر هەر نایبڕنەوە و هەتا قیامەت هەر باسی دەكەن لەكاتێكدا هیچ نییەو گەورەش نییە. دەبوایە ئێستا سلێمانی شارێك بوایە هیچ نەبوایە وەك دیمەشق یان ئەنكەرا یان تاران وابووایە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاراس حەمەساڵح وتی: زۆربەی ئەو کەسانەی ئەمرۆ لە سلێمانیدان شتیان بەدەستە و مەسئولن خۆیان لەبنەڕەتدا خەڵکی شارەکە نین بۆیە دڵیان بۆی ناسووتی و بۆیان گرنگ نییە هیچ خزمەتێکی بکەن بەڵکو لەشارەکەی ئێمەدا خەریکی شارچێتی و شتی وان و خۆیان فەرزکردووە بەسەرماندا.

من خۆم باوەڕم بەشارچێتی نییە، من لەبنەڕەتدا لەبنەماڵەی بابانم کە بەردی بناغەی شاری سلێمانیان داناوە کەچی هەست دەکەم بەقەد غەیرەیەك بگرە بەقەد عەرەبێکی تازە هاتوو بەشم بەم شارەوە نەماوە، ئەگەر باسی خزمەتگوزاریی بکەیت ئەوە هەر لێی مەپرسە، ئەم شارە دەڵێی کاولاشە، پیس و پۆخڵ و چڵکنە، هیچ سیمایەکی شاری تیانەماوە و تیابەدی ناکری بەڵام خۆی مەسەلەکە لەوەدایە کەس خۆی ناکات بەخاوەنی ئەم شارە قوڕبەسەرکراوە.

سەیران تەیب وتی: سلێمانی یەکەمجار باش بوو هەندی ئیشیان تیادەکرد، بەڵام ساڵێك دەبێت هیچ پرۆژەیەکی ئەوتۆی تیا نییە کە بلێی بەراستی ئەم پرۆژەیە شتێکی وایە کە خزمەتە بەشارەکە، ئێستا ئێمە لێی ڕاهاتووین زۆر هەست بەشتەکان ناکەین بەڵام ئەگەر کەسێکی بێگانە بێت دەزانی نەجاددەی جاددەیە، نە ڕێگاوبانی ڕێگاوبانە، نە هیچ شوێنێکی راقی و جوانی تیایە، ئەوەی کە دەڵێن سلێمانی جوانە هەر ئەوەیە کە خوای گەورە جوانی کردووە و لەنێوان شاخدایە و سروشتەکەی سازگارو جوانە ئەگینا حکومەتی هەرێم چی کردووە لەم شارەدا جگە لەپارکی ئازادیی؟

بەراستی هەر عەیبە بەسلێمانی بوتری شار، چونکە لەحەقیقەتدا گوندە ئەمە قسەی دکتۆرێك بوو کە ئەوشەوە لەتەلەفزیۆن گوێم لێگرتبوو بەڵام ناوەکەیم لەبیرچۆتەوە!.

شەهێن نەوزاد وتی: سلێمانی خزمەتگوزاریی تیانەماوە، ڕاگەیاندنەکانیش هەر کای کۆن بەبا دەکەن، دەممان شل بوو ئەوەندەمان قسەکرد و کەس گوێی لێنەگرتین، بەچی دەچێت با هەر قسەبکەین کە حیسابمان بۆنەکرێت، کە لە تەلەفزیۆنەوە سەیری وڵاتانی تر دەکەین هەر وڵاتی خۆمان لەبەرچاو دەکەوێت، ئەگەر کاروا بڕوات و سلێمانی هەروا بەبی خزمەتیی بمێنێتەوە یان ئەوەتانی بڕۆین بۆ خاریج یان دەبی ناوی شارەکەمان بگۆڕین بۆ گوندی سلێمانی گەورە.

shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.